Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-15

# بەکۆمەڵایەتیبوونی ئاخاوتنی منداڵ لە زمانی کوردیدا (ناوو ناوی کردار بە نمونە)

**م.ی. ساکار عەبدوڵا حەسەن[١]، بێستون ئەبوبەکر عەلی[٢]**

١.بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق
٢. بەشی کوردیی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-10-16** |
| Accepted | **2026-01-22** |
| Published: | **2026-01-28** |

**Keywords**

**بەکۆمەڵایەتیبوون، وەرگرتنی زمان، ئاماژە، فێربوونی وشەسازی.**

**Corresponding Author**

Sakar.said@univsul.edu.iq
Bestoon.ali@univsul.edu.iq

**پوختە:**

منداڵ پێش ئەوەی زمان وەربگرێت، ئاوەزی گەشەدەکات‌وبەشێوەیەکی سروشتی ڕووبەڕووی ڕەوتی "وەرگرتنی زمان" دەبێت. واتە ئەم ڕەوتە لە ڕێگەی "فێربوونی زمانەوە" جێبەجێناکرێت بەڵکو بە بێفێربوون‌و بەشێوەیەکی ئاسایی زمانەکەی گەشەدەکات. منداڵ دوای بەدستهێنانی سروشتیی زمان، دەبێتە خاوەن کەسایەتیی بەکۆمەڵایەتیبوون. لێرەوە ناونیشانی (بەکۆمەڵایەتیبوونی ئاخاوتنی منداڵ لە زمانی کوردیدا (ناوو ناوی کردار بە نموونە) دانراوە. بەکۆمەڵایەتیبوونی ئاخاوتن لە زمان‌و کەسایەتی منداڵدا دەردەکەوێت. ئاوەزو زمان بە تەنها وەک ئامڕازێکی پەیوەندی‌و ئاڵوگۆڕیی زانیاریی سەیرنەکراون، بەڵکو ئامڕازێکی گرنگیشە بۆ دامەزراندن‌و چەسپاندنی پەیوەندی تاک بە کۆمەڵەوە، ئەم ئاکارەیی زمانیش هەر لە قۆناغی کۆرپەلەیی منداڵەوە دەستپێدەکات (بە تایبەت ئەو تەمەنەی کە منداڵ دەتوانێت وشە سەرەتاییەکانی زمانەکەی وەربگرێت، بەڵام بە شێوازو قۆناغی جیاواز)، لە ئەم ڕووەوە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بابەتێکە کە لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرێت، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، منداڵ کام جۆرە لە وشە، لە سەرەتادا وەردەگرێت، چۆن وەریدەگرێت؟ چۆنیش بەکاریدەهێنێتەوە؟ چەند وشەیەیش بە ڕێژەیی فێردەبێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هەوڵدراوە لە ئەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەر بکرێت، بە پێی ڕێبازیی پەسنی، شیکاریی، هەندێك کاتیش ڕێبازی ئاماریی کارپێکراوە، بۆ ئەوەی پێواژۆی (پرۆسەی) بەکۆمەڵایەتبوونی وەرگرتنی ئاخاوتنی منداڵ زیادتر شیبکرێتەوە. لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێکی زانستی گەیشتوون، یەکێك لە ئەنجامەکان بریتییە لە: بەمۆدیلکردن، کارلێکردن، لاسییکردنەوە، ستایشکردن، بەرکەوتنی زمانی‌و پەروەردە، کاریگەرترین ئامرازەکانن، بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونی وەرگرتنی ئاخاوتنی منداڵان لە ناو کۆمەڵدا.

## پێشەکی

مرۆڤ پێش هاتنەدنیایی بە مۆسیقایی ترپەی دڵی دایکی ئارام دەگرێتو گوێگانی وردەوردە ئاشنای دەنگی زمانی دایکی دەبێت، کە دێتە دنیاوە، یەکەم دەربڕینی دەنگی هاوبەشی نێوان مرۆڤایەتییە. واتە دەگریی، دواتر قاقای پێکەنینو ئیتر بەس گوێگر دەبێتو دەچێتە قۆناغی بەستەزمانییەوە. زۆر ناخایەنێت، کە وتەی خۆشەویستی دێتە سەر زمانیو ئاڵودەی گوتن دەبێتو بە گوێرەی چواردەور دەنگەکانیش کۆدەکاتەوەو بە یارمەتی پیتو وشەو ڕستە، پەیامی خۆی دەگەیێنێتو فێری زمانێک بۆ دواندن دەبێت. دواتر نۆرەی نووسین دێتو ئاوەز یەکەم کەڵکی خۆی دەنوێنێت. پاشان ئەلفوبێی زمانەو بە گوێرەی خولیایی دەربڕینی پەیامەکانی دەنووسێتەوە، ئەمە سەرەتایەکی مرۆڤایەتییە بۆ چوونە نێو جیهانی زمانەوە.

منداڵ، بە وەچەیەکی نوێبووەوەی کۆمەڵگە دادەنرێتو زمانو ژیانی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژیی بە یەکتریی دەگەیەنێتەوە، کە زمانو فەرهەنگی میللەتەکەی وەردەگرێتو پاشان دەیپارێزێتو نوێیدەکاتەوە. دیارە زمان، چێوەی میللەتەکە دەگرێتەوەو سنوورێک بۆ میللەتەکەش دەکێشێت، تا قەبارەی خۆی بزانێت. منداڵیش وەک خەرمانێک سوود لە زمانو کلتووریی کۆمەڵ وەردەگرێت، بۆ ئەوەی لە ناو ئەو کۆمەڵەدا جێیخۆیبکاتەوە. هەر تاکێک بەشێکە لە کۆمەڵ، کاتێک زمانی کۆمەڵەکەشی وەرگرت، پەیوەست دەبێت پێیەوەو کاریگەری کۆمەڵی لەسەر دەردەکەوێت و کۆمەڵیش کار لەسەر تاکەکانی دەکات. لێرەوەیە کۆمەڵو تاک ئاوێتەدەبن. زمان وەرگرتنیش لە خێزانەوە دەستپێدەکاتو بە چواردەورو کەسوکار دەوڵەمەند دەبێتو لە ناو کۆمەڵیشدا جێگردەبێت، پاشان هەر منداڵیشە گەورە دەبێتو زمان لەگەڵ سەردەمی خۆیدا دەگونجێنێتو نوێیدەکاتەوە.

ئەم توێژینەوە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا پەیوەندی زمانو کۆمەڵ شیکراوەتەوە، نیشانەی کۆمەڵایەتیش لێکۆڵینەوەی تێداکراوەو بە پێی بنەماکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی چەمکەکان شیکراونەتەوە. دووەم بەش، بۆ بیروڕای قوتابخانەکانو لێکچوون و جیاوازی کارکردنیان لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی زمانی منداڵ تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە لە چەند گۆشەیەکەوە لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، لە کۆتایدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١.زمانو کۆمەڵ لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە

سەرەکیترین ئەرکی زمان لە لایەن قسەکەرەوە، کاری گەیاندنی بیرە،گوێگریش ئەو بیرکردنەوەی لە زماندا هەیە دووبارە بۆ دەربڕاوی زمانی دەگۆڕێت، بە ئەم پەیوەندییەش دەگوترێت گفتوگۆ، کە زمانو کۆمەڵ پێکەوە دەبەستێتەوە. زمان سیستەمێکی پەیوەندییە کە لە ڕێگەیەوە تاکەکان بە ئاماژەو هێماو وشەو ڕستە پەیوەست بە ڕێساکانی زمانەوە بیرەکانو هەستەکانیان دەردەبڕن، بە ئەو پێیەی زمان وەک ئامرازێکە بۆ کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکاتو لە ڕێگەیەوە تاکەکان بەشداری لە جۆرەها چالاکی کۆمەڵایەتی جیاوازدا دەکەن. (کۆمەڵ ئاماژەیە، بۆ کۆمەڵێک تاک کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک نۆرمو بەهاو بیروباوەڕی هاوبەشدا لەگەڵ یەکتر کارلێکدەکەن)،(حسن،٢٠١٩، ٥٧)، کەواتە لە ناو کۆمەڵگەدا تاکەکان زیاتر کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکەن، یەکێک لە بەهێزترین ئامرازی پەیوەندیو کارلێکردن ئاخاوتنە.

زمان ئەو تۆڕە ئاڵۆزەیە، کە تاک بە کۆمەڵ، کۆمەڵیش بە کۆمەڵی گەورەترو جیاوازەوە گرێدەداتەوە، هۆکاری پەیوەندیگرتنی تاکە بە دەوروبەرەکەیەوە، لە شێوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵدایە، بە شێوەیەکە کە جۆرە پەیوەندییەکی ئەوتۆی دروستکردووە، کە کۆمەڵ بە بێ زمان بوونێکی نەبێتو زمانو مرۆڤو پەیوەندیکردن، لە هاوکێشەیەکی یەکساندا پێکبهێنێتو مرۆڤ تایبەتمەندی زمانی خۆی لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە تۆکمەیەدا بچەسپێنێت. هەر بۆیە زانایان بە ئەم چەشنە پێناسەی چەمکی پەیوەندیکردن دەکەن: (پەیوەندیکردن بەر لە هەر شتێک بریتییە لە: پرۆسەیەکی دەروونیو کۆمەڵایەتی تایبەت بە مرۆڤ، وەک زانستیش لێکۆڵینەوەیە لە گۆڕینەوەی واتا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی دەستەیەکی هاوبەش لە ڕەمز دەکات) (عەبدولرەحمان،٢٠٠٩، ٢١). کەواتە زمان بۆ پەیوەندیکردنە، پەیوەندیکردنیش لە نێوان دوو شتی جیاوازدا دروستدەبێت، زمانو کۆمەڵیش جیاوازییان هەیە، کەواتە پەیوەندییەکە دروستدەبێتو لە ئەنجامی پەیوەندییەوە کارلێکردنی منداڵ بە کۆمەڵەوە پەیدادەبێت، ئەنجامەکەیشی بەکۆمەڵایەتیبوون دێتەئاراوە، بەکۆمەڵایەتیبوون یەکەم هەنگاوی وەرگرتنی زمانە، کە لە بواری زانستی زماندا زاراوەی (زمان وەرگرتن)ی، بۆ دانراوە.

## ١-١.زمان وەرگرتن لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە

کۆرپە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا (لە لەدایکبوونەوە) لە هەوڵی پەرەپێدانی جۆرەها کارامەیی جەستەییو کۆمەڵایەتیو هێماو ئاماژەو فێربوونی زماندایە، بۆ ئەم پرۆسەیەش پشت بە خێزانو کۆمەڵگە دەبەستێت. (کۆرپە پشت بە خێزان دەبەستێت بۆ پەروەردەکردنو پشتگیریکردن و بەکۆمەڵایەتیکردن، لە ئەوانەش فێربوونی چۆنیەتی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی ئاماژەو دەنگدانەوە لە کۆتاییدا - وشە بەکاردەهێنێت) (حسین، ٢٠٢١، ٣). واتە سەرەتا منداڵ/کۆرپە، گریانو دەنگو قیژە بەکاردەهێنیت بۆ ئەوەی بژیو هاوکات ڕابێت لەگەڵ ئەوەی چۆن ڕابێت هەوا دەنگو گریانی پێویستی ژیانی لێدروستبکات، پاشان وردە وردە هەوڵدەدات جگە لە گریانو قیژەکردن، فێری ئەوە ببێت، کە هەوای سیەکان کە لە دەمەوە دێنەدەرەوە، دەنگی وەک دەوروبەری پێدروستبکات. دوای ئەمە کۆتا کاری بەدەنگی ئەوە دەبێت، بەکۆمەڵایەتیبوونی گەشەپێبداتو تێکەڵاوی خێزان و دەوروبەریی ببێت، پاشان بەکارهێنانی وشەیە، وەک ئەوەی کە چواردەوری بەکاریدەهێنێت - تاقیدەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی تیۆرەکانی گەشەکردنی زمانی/ئاخاوتنی منداڵ، ئەوە ڕاڤەدەکەن کە منداڵ لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێگاوە (میکانیزمەوە) زمان وەردەگرێت، کە چەندان هۆکار کاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەر ئەم کردەیە دەبێت، لە دیارترینیشیان بۆماوەیی‌و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی باوان و کاریگەرییە ژینگەییەکانی دەوروبەرن، کە وادەکەن منداڵ زمان وەربگرێت. بە پلەی یەکەم ئاسایبوونی تەندروستی منداڵەکەو پاشان ژینگەیەکی دەوێت قسەی تێدا بکرێت‌و ئەویش لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە، وردەوردە ئاخاوتنی دەمی چواردەوریی وەردەگریت.ڕاوبۆچوونەکانی زانستی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خراونەتەڕوو.

هەر لەسەر ئەم پرۆسەیە، **لە ڕوانگەی زمانییەوە**، ئەوەش پشتڕاستکراوەتەوە کە منداڵ لە باری ئاساییدا (ئەگەر هیچ کێشەیەکی جەستەیی، یان ئاوەزی و هزری نەبێت)، لە ئاستێکی کاراو چالاکدایەو کاردانەوەکانی منداڵ بۆ وەرگرتن‌و گەشەکردن و تێگەیشتن‌و بەکارهێنانی زمان زۆر خێرایە، بەڵام بەشێکیشی بۆ ئاستی زیرەکی و لێهاتوویی منداڵەکە دەگەڕێتەوە. بە ئەو پێیەیی ئەگەر دوو منداڵ لە هەمان ژینگەو هەمان پەروەردەو هەمان خێزاندا بن، مەرج نییە هەمان ئاستی وەرگرتن‌و فێربوونی زمانیان هەبێت، ئەمەش دەچێتە ئەو بوارەی کە بە (زیرەکی زمانیی)، ناودەبرێت کە بریتییە لە: (ئەو توانایەی کە لە لای تاکەوە لە زمانپاراوی و خێرایی لە دەربڕین و قسەکردن‌و پەیوەندیکردن و کاریگەری جێهێشتن و ورووژاندن و ڕازیکردن‌و چارەسەرکردنی زۆر کێشە بە هۆی زمان بەکارهێنانەوە - هەیە) (عەبدولوەهاب، ٢٠١٥، ٣٦). واتە وەرگرتنی زمان پێواژوییەکی میکانیکی نییە، بەڵکو بۆماوەیی‌و زیرەکیش ڕۆڵیان لە وەرگرتنی زمان لای منداڵ هەیە، پاشان ڕەنگدانەوەیشیان لەسەر ئاخاوتن هەیە.

**بۆچوونی دەروونناسییە ڕەفتارییەکانیش،** لە لێکۆڵینەوەی فێربوونی زمان لەلای منداڵ وەک فێربوونی ڕەفتارە دەرەکییەکانی تری دەبینن، کە پەیوەستە بە ئەو ژینگەو دەوروبەرەوە کە منداڵ تێیدا گەشەدەکات. بۆ نمونە فێربوونی زمان لە منداڵدا دەبەستنەوە بە پاداشت و سزاوە، کاتێک منداڵ وشەیەکی دروست دەردەبڕێت لە ئەنجامدا پاداشتدەکرێت‌و هاندەدرێت (وەک: ئافەرین، ماشاڵاو...هتد)، بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو دەربڕاوە، بە ئەمەش ڕۆڵی ئاوەزی مرۆڤ، لە پرۆسەی وەرگرتنی زماندا لاوازو بەلایەوە دەنێن، لە ئەم گۆشەیەوە، تیشک نەخراوەتە سەر ئەوەی کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە مێشکدا ڕوودەدەن چین، کاتێک منداڵ وشەی نوێ دروستدەکات جگە لە ئەو وشانەی کە بەدەستیهێنانەوە. (لایەنگرانی تیۆری ڕەفتاری سەرنجی گرنگیپێدان ناخەنە سەر بنیاتە ئاوەزییەکان (عەقڵییەکان)و پرۆسە ناوخۆییەکانی بنیاتنان، زمانییان داگیرکردووە) (محمد، ٢٠٢٤، ٨). وەک خرایەڕوو، گۆشەنگایی دەروونناسە ڕەفتارییەکان، لە وەرگرتنی زمانی منداڵدا، گۆشەنیگایەکی ڕووکەشییەو پشتی بە پاداشت‌و سزاو هاندان بەستووە، بەڵام پاداشت‌و سزا بەشێکە لە پرۆسەی زمانوەرگرتن نەک ئەوەی هەموو پێواژۆکە پێکبهێنێت، چونکە هەندێک پێواژۆ هەیە، ناوەکییەو بە پاداشت، یان سزا بڕشتی زمان وەرگرتنەکە خێراو زیاد، یان کەم ناکاتەوە، ئەم گۆشەنیگایە لەلای زانایانی تریش بە تەواوی پەسەند نەکراوە، کە وەرگرتنی سەدا سەدی وەرگرتنی زمانی منداڵ بە پاداشت‌و سزاوە ببەستنەوە، وەک دەزانرێت، زۆر وشە هەیە، منداڵ خۆی لە پەیوەندی بە هاوڕێکانییەوە وەریدەگرێت، بە بێ ئەوەی پاداشت، یان سزا هەبێت.

**لە ڕوانگەی بونیادگەرەکانەوە،** بەتایبەت (ئەبراهام نوام چومسکی)ە، کە دەروازەی سەرەکی ئەم بۆچوونەیەو کاریگەری گەورەی لەسەر لێکۆڵەرانی دوای خۆی هەبووەو پێی وایە، مرۆڤ مەکۆی زمانی ناوخۆیی‌و توانای دروستکردنی ڕێزمانیی هەیە، بەهۆی ئەم توانایەوەیە، منداڵ بەشێوەیەکی خۆکارانەو بەخێرایی فێری زمان دەبێت‌و هەرچەندە پێویستی بە ئارەزووو تاقیکردنەوە هەیە. ئەمەش لەلایەن زانایانەوە ڕەخنەی لێگیراوە بەوەی کە تەنها لەسەر توانا ناوخۆییەکان(توانستی) جێگیربووەو کاریگەرییەکانی تریان بەلاوەناوە. ئاشکرایە لە بواری زانستدا، کە ( لۆنارد بلۆمفیلد)، وەرگرتنی زمان لە لای منداڵ بە بنەمای (وروژێنەرو وەڵامدانەوە)وە دەبەستێتەوە.(ڕەحیم، ٢٠٢٠، ٩٨)، کە دەربڕاوی زمانمان زۆرە بێوروژاندنیش لە زار دێنەدەرەوە. وەک دەبینرێت ئەم بۆچوونانە بۆ بەشێک لە وشەو زمان وەرگرتن ڕاستەو تەواوە، بە دیوێکی تردا کەلێنی تێدایە، چونکە ئەم پێواژۆیە زۆر ئاڵۆزە.

**وێڕای ئەوەیش (ئەبراهام نوام چومسکی)،** کە ئەزموونی زانستی پێشینانی لە بەردەستدابووە، لێکۆڵینەوەی کردووەو پاشان هەڵسەنگاندنیشی کردووە، بۆ نموونە هاوڕای دەروونناسەڕەفتارییەکان نییەو لای ئەم زمان وەرگرتن، لە نێو خۆیی ئاوەزەوە لە ڕێگەی توانست‌و توناوە، منداڵ ڕێزمانی زمان وەردەگرێت، کە ئەمەیش تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستی تێدایە، لە بارەی دەرکەوتەی زمانەوە، بڕوای وایە زمان لە ئاستی قوڵەوەی ناو مێشکەوە، بۆ ئاستی ڕووکەش دێت‌و دەرکردەی زمان لە ڕێگەی تواناوە دەردەکەوێت‌و ئەزموون و ئارەزووی کەسەکانیش ڕۆڵی لە وەرگرتنی زماندا هەیە، هەر وەک (بلۆمفیلد) جەخت لە ئەوە دەکاتەوە، کە زمان لە ڕێگەی وروژێنەرو وەڵامدانەوە منداڵ/ یان زمان و پێواژۆی زمان وەرگرتن دێتەئاراوە، بەڵام ئەم گۆشەنیگایەش بە تەواوی ناتوانێت وەرگرتنی زمان لای منداڵ شیبکاتەوە، بەڵکو کۆی ئەم گۆشەنگایانە پێکەوە دەتوانن زمان وەرگرتنی منداڵ‌و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی زمانی منداڵ بخەنەڕوو، هەریەکەیان جەختیان لەسەر لایەنێك کردووە، کۆی ئەم لایەنانەش دوای لابردنی کەموکوڕییەکانی تیۆرەکان، زمان وەرگرتنی منداڵ شیدەکەنەوە، کە لە ئەم لێکۆڵینەوەدا سوود لە هەموو بۆچوونی زانایان وەرگیراوە.

یەکێکی تر لە ئەو لایەنانەی کە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی منداڵدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، لاساییکردنەوەیە بەشێوەیەک منداڵ بە لاساییکردنەوەی دەوروبەر (بە تایبەت خێزان) زمانی دەپژێت، بۆیە منداڵ بە دووبارە گۆکردنەکانی دەوروبەری فێری زمانێکی دروستدەبێت، هەرچەندە شێوازی گۆکردنەکانی لەسەرەتادا دەقاودەق هاوشێوەی دەوروبەرو گەورەکان نەبێت، بەڵام بە زیاتر دووبارە کردنەوەی دەربڕاوەکان هەڵەکانی ڕاست دەکاتەوەو زمانی پاراوتر دەبێت، بۆ نمونە منداڵێکی سێ ساڵ بۆ چوارساڵ ، وشەی [زیکر] کە لە ناو موبایلدا

(زیکرەکانی خەوتنان)هەیە، بە شێوەی [زیتر] دەردەبڕێتو دواتر بەکۆمەڵایەتیبوونی زیاتر بوو، بە [زیکر/وێرد] دەردەبڕێت. (چاوپێکەوتنی تایبەت: عەلی، 2025/9/28).(مانی)، منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ و یەک مانگە، لە ڕێگەی لاسییکردنەوە ئاخاوتنی لە خێزانەوە وەرگرتووە، بەڵام ناتوانێت هەندێك دەنگی وەك /س، ش، ف، ژ، ڤ، ۆ ..هتد/ گۆبکات، بۆ نمونە[ چۆنی بە چوونی، گسک: دتت، موبایل: بایل، پانکە: ماتینا، ئەژی: ئەزی گۆدەکات ...هتد]، بەڵام وشەی دایەو بابە ئاسانە بۆ دەربڕین، ڤاوڵی /ی/ کەئاسانە بۆ دەربڕین، بە جوانی گۆیدەکات، (چاوپێکەوتنی تایبەت: ئەحمەد، 2025/10/11).

ئەم شێوەیەی زمانی منداڵ، لە بواری زماندا، بە شێوەیەکی ئاخاوتنی لاوازی زمانی کوردیی دانراوە، لە ڕێگەی لاساییکردنەوەو هاندان و بەریەککەوتن دەیەوێت مۆدێلی زمانی دایک وەربگرێت، بەڵام بە هۆی گەشەنەکردنی تەواوی ئەندامانی ئاخاوتنی و کەمبوونی ئەزموونییەوە، ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی بە ئاخاوتنی زمانی کوردی بدوێت. کەواتە منداڵ تەنیا بەلاسییکردنەوە ناتوانێت ڕاستەوخۆ ئاخاوتنی دایکی وەربگرێت، بەڵکو کاتو ئەزموونو هاندانو ژینگەی ئاخاوتنی دەوێت تا ڕابێتو بتوانێت ئاخاوتن بکات.

وەک شیکرایەوە، گۆشەنیگای بونیادگەرەکان لە ئەوەدا لەگەڵ ڕەفتارییەکان یەکناگرێتەوە (وەک لە خشتەکەدا دیارە)، کە ئەگەر زمان وەک هەر ڕەفتارێکی تر لە ژینگەی دەوروبەرەوە وەربگیرێت، دەبێت هەموو منداڵێک سەرجەمی ئەو وشەو ڕستانە بە هەمان شێوازی دركاندن بە دروستی بزانێت، کە پێشتر بەر گوێی کەوتوون لەهەر قۆناغ و هەر تەمەنێکدا بێت، بە ێ گەڕانەوە بۆ ئەو دابەشکاریو قۆناغبەندییەی کە زمانەوانانو زانایان بۆ وەرگرتنی زمانی منداڵ کردوویانە، لە خوارەوە گۆشەنگاکان بەرانبەری یەکتر دادەنرێت، تا ئاسانتر شیبکرێتەوە بۆ تێگەیشتن.

**((خشتەی ژمارە (1) سەرچاوەکانی زمان وەرگرتن، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە))**

| پرسیار | دەروونناسە ڕەفتارییەکان | بوونیادگەرەکان |
|---|---|---|
| سەرچاوەی فێربوون | دووبارەکردنەوە، پاداشتو سزا، لەبەرگرتنەوە. | توانستی ناوخۆیی‌و خودکاری مێشک مرۆڤ سەرچاوەی وەرگرتنی زمانە. |
| چۆنێتی فێربوون | لەڕێگەی بیستنو دووبارەکردنەوەو پاشان پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە. | گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی مێشکو فێربوون لە ڕێگەی ئەزموونەوە. |
| ڕۆڵی ژینگەو دەوروبەر | گرنگەو چونکە فێربوون بەهۆی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن ڕوودەدات. | ژینگە بۆ وەرگرتنی زمان بواردەدات، بەڵام خودی فێربوون لە ناوخۆیی مێشک/ئاوەز ڕوودەدات. |
| ڕەخنە | منداڵ، جگە لە ئەو وشانەی بەرگوێیدەکەون، چۆن وشەی نوێ دروستدەکات. | کاریگەرییەکانی ژینگەو دەوروبەری بەلاوە ناوە، یان کەمتر گرنگی پێدەداوە. |

وەک لە خشتەی ژمارە (1)دا، دەرخراوەتەڕوو، هەردوو گۆشەنیگاکە پێکەوە، لە وەرگرتنی زمان لای منداڵ نزیکماندەکەنەوە. کەواتە بیروڕاکان هەریەکەیان لە ڕوویەکەوە ڕوونکردنەوەیانداوە، بە یەکخستنی گۆشەنیگاکانو کۆکردنەوەیان وێنەی وەرگرتنی ئاخاوتنی منداڵ ڕوونتر دەبێتەوە.

## ١-٢.گەشەکردنی ئاخاوتنی منداڵ

قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ هەر یەکەو تایبەتمەندی و سیمای جیاکەرەوەی خۆی هەیە، قۆناغی منداڵیش بەهەمان شێوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جەستەیی‌و زمانی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بۆیە زاراوەی (منداڵیی) بۆ سەرەتا و دەستپێکی قۆناغەکانی تەمەن دەستنیشانکراوە، ئەو تەمەنەیە کە تۆمارگەی (میمۆری مێشک) یەکەی زمانیی تۆماردەکاتو وەک بیرەوەریی دەمێنێتو دەتوانێت بیری خۆی بخاتەوەو بەکاریبهێنێتەوە.

لە پێشوودا بیروباوەڕەکان بەو ئاڕاستەیەبوون، ژیان لە پاش لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات، بەڵام بە گۆڕانو پێشکەوتنی زانست ئەم بیروبۆچوونەش گۆڕاو پاشان ئەوە پشتڕاستکرایەوە کە قۆناغی پێش لەدایکبوونیش گرنگو هەستیارە، بەشێوەیەک لە ئەو قۆناغەوە بۆماوە ڕۆڵی خۆی لە سیفەتو خاسیەتی منداڵەکەدا دەگێڕێت، بە ئەو مانایەی کە بۆماوەیی کاریگەری لەسەر تایبەتمەندی کەسێتی، بایۆلۆجی، دەروونی‌و تەندروستی کۆرپەلە هەیە.

لێرەوە پرسیارێک سەرهەڵدەدات، ئایا زمانیش وەک بەشێک لە زانایان ئاماژەی پێدەکەن، ڕەگێکی بۆماوەیی وەک سیفەتە گوازراوەکانی تری وەکو ڕەنگی قژ، چاو، پێستو ئەندازەی باڵاو...هتد، هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە تەماشایی تاقیکردنەوەی زانکۆیی و زاناکان دەکرێت.

بە پێی توێژینەوەکان "لە ساڵی (1990)دا، لە ماوەی توێژینەوەیان لە سێ نەوەی خێزانێکی بەریتانیدا، کە تووشی کێشەی درکاندنو ئاریشەی زمانی ببوون، بۆیان دەرکەوت کە ئەو نەوانەی توشی کێشەی زمانی دەبن، هاوبەشییەکی بۆماوەییان لە هەڵگرتنی کۆپییەکی جینی زمانی ناسراو بە (FOXP2) دا هەیە، تاقیکردنەوەکان بۆ زانینی سەرچاوەی هاتنی دەنگی مرۆڤ ڕوونیانکردەوە، کە لە کوێوە دێتو بە هۆی چییەوە پەیدادەبێت. لە کۆلێجی (لەندەن)دا، لەکاتێک توێژینەوەیان لەسەر ئەو حاڵەتانەی، کە مرۆڤ ناتوانێت بە باشی قسەبکات کردووە،

ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە کێشەیەک لە کرۆمۆسۆمی حەوتەم لە پەتی جینی بۆماوەییدا (دی.ئێن.ئەی)دا هەیە، ناویان نا (Speech1)، بەڵام بە تەواوی نەیانزانی کە کام جین بەرپرسی یەکەمە. دوای توێژینەوەی زیاتر و بەتایبەتی لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد) زانایان("سیمۆن فیشەر و ئەنتۆنی مانکۆ)، ئەو جینەیان دۆزییەوە، کە بەرپرسیاری قسەکردنە و ناویان نا (FOXP2)ئەم جینە لە ئاژەڵە جۆراوجۆرەکاندا، لە رووی پێکهاتنەوە جیاوازە. هەر لەبەر ئەم دۆزینەوانە جەخت لە ئەوە کرایەوە کە قسەکردن وەکو توانایەک لە جینە بۆماوەییەکاندا بوونی هەیەو ئەم توانایەی مرۆڤ و ئاژەڵەکانی دیکە سەرچاوەکەی تەنیا ژینگە نییە، بەڵکو ئەو توانا بۆماوەییەیە، کە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ بوونی هەیە'' (ئەحمەد، 40:2021) ئەویش لە (حەکیم:2009، 123) وەرگرتووە. وەک دەرکەوت زمان لە ناومێشکدا / ئاوەزدا هەیە و لای چەپو لای راستو ناوچەکانی تریش زمانی تێدایە، هەندێکیش بروایان وایە لە رێگەی بۆماوەییەوە (جینی7) دەگوازرێتەوە، بەڵام ئەمانە تاقیکردنەوەن و لە کاتی نەخۆشییەکانو بەرکەوتنی زەبر بەرمێشکی مرۆڤ بە ئەم ئەنجامانە گەیشتوون. کەواتە کەموکوڕیی، یان نەخۆشییەکانی ئاخاوتنو نەهاتنی هەندێک دەنگی وەک /ڵ، ڕ/، بۆماوەییە، یان پەتی زمانی ئەستورەو پێوستە ببڕێت، تا زمانی بە ئاسانی لە ناو دەمدا بجوڵێت. (چاوپێکەوتنی تایبەت، عەلی، 2025/8/20)، کە دوای نەشتەگەریی و کەمکردنەوەی ئەستوریی پەتی زمان، زمانی کەسەکە زیاتر دەیتوانی بێتەدەرەوەی دەمەوە، بەڵام ئاسەواری گیرگرفتی دەربڕینی /ڵ،ڕ/ هەرمایەوە، بەڵام کەمێک جیاوازی لە ئاستی پێش نەشتەرگەریو دوای نەشتەرگەری دروستبوو، وەک دەرکەوت بۆ ماوەیی رۆڵی لە ئاخاوتنی منداڵدا هەیە.

لە کۆندا زمان زیاتر رێزمانی دەگرتەوە، پاشان لەلای (ئەبراهام نەوام چۆمسکی) زمان لە ناوەوەو (I language) زمان لە دەرەوەی زمانی دیاریکرد (E language)، بەڵام هێشتا زمان وەرگرتن روونەکراوەتەوە، هەرچەندە نزیکبوونەوە لە پێواژۆی زمان وەرگرتن هاتووەتەئاراوە (ئەحمەد، 42:2021)، بۆچوونی پێچەوانەش هەیە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا زانست پەیپێبردووە ئەوەیە کە هەندێک لە نەخۆشییە بۆماوەییەکان کە دەبنە هۆی کەموکورتی لە چالاکی و گەشەی خانەکانی مێشک و بیرکردنەوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی و کاریگەری لەسەر زمان و ئەندامەکانی ئاخاوتن و بیستن هەیە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: (زمان لە ئەنجامی چالاکییەکانی مێشک و ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دروستدەبێت) (عەبدولوەهاب، ٢٠١٥، ١٩).

وەک شیکرایەوە، بۆچوونی جیاواز هەیە، هاوکات وێڕای ئەوەی جینی زمان دۆزراوەتەوە، تا ئێستا لە بەرگرتنەوەی ئەم جینەو گواستنەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر هێشتا نەکراوە، تا بە تەواوی سەرچاوەی زمان وەرگرتن لە لەشی/جەستەی مرۆڤدا بدۆزرێتەوەو لە ناوەوەی جەستە بە تەواوی بسەلمێت، وەک چۆن گورچیلەو گەدە سەلماوە کە لە جەستەدا هەیە، چونکە بوونێکی ماددیان هەیەو شوێنیان بە تەوای دیاریکراوە، بەڵام زمان خۆی سەلمێنەری خۆیەتیو شوێنەکەی لە مێشکو لە بۆماوەیشدا دیاریکراوە، بەڵام تا ئێستا بە تەواوی هەموو تۆمارگەکانو شوێنەکانی لە جەستەدا نەدۆزراوەتەوە، لە بەرئەوە لە ئەم توێژینەوەدا پەنا دەبرێتە بەر بەرهەمی زمان – کە دەربراوەکانەو لە ئەم رێگەیەوە رۆڵی زمان لە بەکۆمەڵایەتیبووندا دەخرێتەڕوو.

## ١-٣.زمان وەرگرتن لە گۆشەنیگای قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانەوە

گەشەکردنی زمان لە ئەم قۆناغەدا یەکێکە لە گرنگترین سیما جیاکەرەوەکان، (منداڵ لە تەمەنی هەشت مانگییەوە فێری دەنگ دەربڕین دەبێتو لە تەمەنی (١٢-١٤) مانگیشدا دەتوانێت چەند وشەیەک دەربڕێت، لەتەمەنی (٤) ساڵیدا توانستی پێکهاتەی زمانی تەواو دەبێت) (حسین، ٢٠٢١، ١٨).

بە بڕوای (مەکارسی) قسەی روون و ئاشکراو واتادار لە تەمەنی (٢) ساڵیدا (بیستوچوار مانگیدا)(49 ٪) قسەکانی واتادارو روون و ئاشکران، بەڵام لە تەمەنی (٣٠) مانگیدا، واتە دوو ساڵ و نیوی دەگاتە (93٪) (قەرەچەتانی، ٢٠١٥، ٦٣). واتە بەپێی تەمەنی ئاخاوتن و تێگەیشتنی منداڵ گەشەدەکات، ئەم یەکە/دەیتا زمانیانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن زانایانەوە، چەند جۆرێک قۆناغ بۆ زمان وەرگرتن دیاریکراوە، هەندێك دووان و هەندێك تا شەش قۆناغ، یان زیادتریان دیاریکردووە، بەڵام لێرەدا دوو قۆناغی سەرەکی لە گەشەی زمانی منداڵدا شیکردنەوەی لەسەر دەکرێت، کە بریتیین لە ( قۆناغی پێش قسەکردن کە بریتییە لە گریان و قیژەو هاوارو گڕوگاڵ، قۆناغی قسەکردن کە بریتییە لە لاسیکردنەوەو دەربڕینی وشەو ڕستەی واتادارو روون)، کە لە نێوان ئەم دوو قوناغەدا دەتوانیت چەند قۆناغی تری وەک (وشە، ڕستە، دەق گفتوگۆ) دیاریبکەیت، هەریەک لە ئەم دوو قۆناغە سەرەکییەیش، بەپێی تەمەن و پێشکەوتنە زمانییەکان جارێکی تر قۆناغبەند دەکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، زانای وەک (ژان پیاژێ) چوار قۆناغی دەستنیشانکردووە، بڕوانە: (ئەحمەد، 2021، 53 -54).

1. قۆناغی هەستیی (**Sensorimotor Stage**) (لە لەدایک بوونەوە بۆ ٢ ساڵ)، منداڵ زانیاری بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە رێگەی هەستەکان بەدەستدەهێنێت.
2. قۆناغی پێش کارپێکردن (**Preoperational Stage**) (لە ٢-٧ ساڵ)، لێرەدا شارەزاییە جوڵەییەکان و زمان بە باشی وەردەگرێت، تواناکانی بیرکردنەوە زیاتر دەبێت، بەڵام هێشتا هەموو شتەکان لەلایەن خۆیانەوە دەبینن.
3. قۆناغی کارپێکردنی زیرەکانە(**Concrete Operational Stage**) (لە ٧-١١ ساڵ)، بیرکردنەوەی لۆجیکی دەستپێدەکات و منداڵ توانای شت گرێدان و شیکار کردنی بۆ دروست دەبێت. بە شێوەیەکی لۆجیکی ڕووداوەکان دەبینێتو درکپێکردنی بۆ چواردەوری هەیە.

4. قۆناغی کارپێکردنی ئاستی بەزر (Formal Operational Stage) (١١ ساڵ بۆ سەرەوە)، لێرەدا تا ڕادەیەکی باش لە ڕووی زمانییەوە، توانای بیرکردنەوەی پێگەیشتوو (کامڵ) دەبێت، لە ئەم قۆناغەدا، بیرکردنەوە لە بابەتو شتە نابەرجەستەکان دێتەئاراوە، دیارە ئەم قۆناغانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زیادو کەم دەکات، بەڵام بە نزیکەی بە ئەم شێوەیە (ژان پیاژێ) بینوویەتی، بە بۆچوونی ئەم زانایە، ئەم تیۆرە بەسەر کۆزانیاریی جێبەجێدەکرێت: وەک زیرەکیو پێشکەوتنی ڕەفتاری ڕۆڵ دەبێت، هەندێک پێشنیازی بۆ هەریەک لە ئەو قۆناغانە کردووە، بۆ نمونە بۆ قۆناغی یەکەم بڕوای وایە منداڵ پێوستە کە ژینگەیەکی دەوڵەمەندو وروژێنەری هەبێت، بۆ ئەوەی زمان باشتر وەربگرێت، لێرەوە سوود لە ئەم قۆناغانە بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ وەردەگرێت، هەریەک لە ئەم قۆناغانە، تایبەتی وشەو دەربڕاوی خۆی هەیە.

## ١-٤.کاریگەریی دایکوباوک لەسەر گەشەی ئاخاوتنی منداڵ:

لە ناو فەرهەنگی (کلتووری) کوردیدا، دایکوباوک ڕۆڵێکی چارەنوسساز لە گەشەکردنی زمانی منداڵەکانیاندا - دەگێڕن، بەشێوەیەکی گشتی ئەوان یەکەمو گرنگترین بریکاری کۆمەڵایەتین لە ژیانی منداڵداو کاریگەری بەرچاویان لە سەر پرۆسەی فێربوونی زمانەکەدا هەیە، لێرەدا چەند ڕێگەیەکی کاریگەری بازنەی خێزانو کەسوکار، کە لە بازنەی پەیوەندی تاکە کەسدا دەخەینەڕوو، کە شێوەی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ بە شێوەیەکی زانستی تێدا شیکراوەتەوە.

**یەکەم: مۆدێلکردن:** منداڵان فێری ئاخاوتن دەبن بە لاسییکردنەوەی شێوازی قسەکردنو هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبەریان، (دایکوباوک وەک مۆدێلی زمانی سەرەتایی بۆ منداڵەکانیان کاردەکەن، بۆیە شێوازی قسەکردن و پەیوەندیکردنی دایکوباوک دەتوانێت کاریگەری لەسەر چۆنییەتی بەدەستهێنانی زمانی منداڵاندا هەبێت.(حنورە،١٩٨٨، ٢٧).

**دووەم: کارلێککردن:** پەیوەندیکردن و بەشداریکردن لە گفتوگۆو کارلێککردن لەگەڵ دایکوباوک و منداڵەکە یارمەتیدەدات، کە زانیاری زمانیی واتادار بەدەستبهێنن، (ئەم پەیوەندییە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی زمان و پەروەردەکردنی تێگەیشتن لە زمان زۆر گرنگە). (عیدان، ١٩٩٦، ٥٥).

**سێیەم: هاندان و ستایشکردن:** بەهێزکردن و هاندانی ئەرێنی لەلایەن دایکوباوکەوە دەکرێت پاڵنەرێک بێت بۆ منداڵان بۆ بەکارهێنانی زمان، ستایشکردن بۆ دەستکەوتن زمانی و وەڵامدانەوە و پشتیوانی بۆ هەوڵەکانی منداڵ دەتوانێت متمانەی منداڵ بۆ بەکارهێنانی زمان بەرزبکاتەوە.

**چوارەم: بەرکەوتنی زمان:** دابینکردنی ژینگەیەکی دەوڵەمەندی زمانیی لەماڵەوە، لە ڕێگەی بەرکەوتنی منداڵ بە چەندین وشەو چیرۆک و ئەزموونی جۆراوجۆر دەتوانێت ئاستی گەشەی زمان بەرزبکاتەوە، (خوێندنەوە بە دەنگی بەرز، گێڕانەوەی چیرۆک و بەشداریکردن لە چالاکییە دەوڵەمەندەکان بە زمان، سودبەخشن بۆ فراوانکردنی وشەسازی و فەرهەنگ و توانای زمانی منداڵ).(الحسن،١٩٨٧، ٤٢).

لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، ئەم بنەمایانەی سەرەوە وەک: بەمۆدێلکردن، کارلێکردن، هاندان و ستایشکردن و بەرکەوتنی زمانی ...هتد، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ئەوەی منداڵ زمان وەربگرێت، بەڵام لای هەر میللەتێك بە شێوەی تایبەتی خۆیەتی ئەم بنەمانە کارپێدەکات و شێوەی گۆکردن و شێوەی نوسین و دیاریکردنی وشە بۆ واتاو شتکان جیاوازە، بەڵام لە گریان و پێکەنین کە دیاردەیەکی جیهانییەو ماوەی وەرگرتنی زمان لێکچوونێکی زۆر لە یەکتری نزیک لە بواری وەرگرتنی زماندا لە جیهاندا هەیە. کەواتە ئەم چوار بنەمایە، لە ڕووی زمانەوە، بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونی ئاخاوتنی زمانی منداڵ لە کۆمەڵدا بنەمای سەرەکین.

## ١-٥. بەکۆمەڵایەتیبوون لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە

بەکۆمەڵایەتیبوون، ئەو بەهاو کردارانانەن لە مرۆڤدا دەتوێنەوە، لە شێوەی کردەی زمانیو کردەی کۆمەڵایەتییدا دەرکەوتەیان هەیە. زاراوەی "بەکۆمەڵایەتبوون"، لە زمانو ئەدەبی جیهانیشدا باسکراوە، بەکۆمەڵایەتیبوون بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕادەی مرۆڤبوون لە مرۆڤایەتیدا دەگرێتەوە.

(دینکین میشێل: Duncan Mitchel) کە پرۆفیسۆرە ئاماژە بە ئەم زاراوە/وشەیە دەکات، لە ساڵی (1928) وشەی بەکۆمەڵایەتیبوون لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بە مەبەستی ئامادەکردنی تاکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێتو بژیو کارلێکبکات – بەکارهێنراوە، بەڵام بەکارهێنانی ئێستای پشت بە تیۆری چوار زانا دەبەستێت، کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاون، ئەو زانایانەیش بریتین لە: (سیگمۆند فرۆید: 1856-1939)ز، کە پێیوابووە کە تاک فێربوونە/وەرگرتنە ئاکارییەکانی لە ڕێی خود ئاکارییەکەوە، منی باڵا: (Super Ego) لە کۆمەڵگەوە وەردەگرێت. زانایەکی تر بە ناوی (جی. مید: 1863-1931) کە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا گرنگی بە ئەرکی خود داوە. پاشان (سی. کوولی:1864-1929) کە لە گەشەکردنو پێگەیشتنی ئاکارە سەرەکییەکانی تاکدا جەختی لە سەر ڕۆڵی گروپە سەرەتاییەکان کردووەتەوە. زانای کۆتایش (بیجت) بوو، پرۆسە سمبولییەکانی هزری لۆژیکی زۆرجار بە شێوەیەکی پلە پلەو ڕێکخراو لە کارلێکەکۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگیرێن (ئەلحسەن، 2012،82).

وەک دەبینرێت زاراوەکە، سەرەتا لە ئەدەبو دواتر لە بواری دەروونناسیدا گرنگی بە ئەم زاراوەیە دراوە، واتای "بەکۆمەڵایەتیبوون" هەندێکیان جەختیان کردووتە سەر ئەوەی کە لە کۆمەڵەوە بۆ تاک دەگوێزرێتەوەو پێواژۆیەکی دەروونییە، هەندێک زانای تر بڕوایان بووە، تاک گرنگە کە بتوانێت بەهاو نەریتەکان لە کۆمەڵەوە وەربگرێتو پێواژۆی (پرۆسەی) بەکۆمەڵایەتیبوونی خۆیی

تێروتەواو بکات. هەر لە ئەم بارەیەوە، (دینکین میشێل) پێناسەی بەکۆمەڵایەتیبوون دەکات و دەڵێت: کە پێواژۆیەکی پێدانی بەهاوو پێوەرو چەمکە کۆمەڵایەتییەکانە کە لایەن کۆمەڵەوە بە تاکی/ بەمندالی کۆمەڵەکە دەدرێت – کە تێدا دەژی، بە جۆرێک دەبێتە ڕاهێنراوێکی (مەشقپێکراوێکی) کۆمەڵایەتی بۆ گێڕانی کۆمەڵێک ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کە جۆری ڕەفتاری ڕۆژانەی تاک/ منداڵ – دیاریدەکەن.

هاوکات (لانکتۆن) پێناسەی ئەم چەمکە دەکات بە ئەوەی کە هەوڵدانی تاکە تاکەکانە، تا هەڵسوکەوتە کەسییەکانیان لەگەڵ ئەو دەستەو تاقمە کۆمەڵگەییانەی دەبنە بەشێک لە ئەوان – خۆیان بگونجێنن (ئەلحەسەن، 2012،82-83). دەرکەوت لە گۆشەنیگای دەروونناسەکانو کۆمەڵناسەکان، بەکۆمەڵایەتیبوون پێواژوویەکی دەروونیو کۆمەڵایەتییەو تاک ناچارە خۆی بگونجێنێت، بۆ ئەوەی وەک ئەندامێکی ئاسایی ئەو کۆمەڵە ڕەفتاربکات، پاشان هەموو ڕووەکانی بەکۆمەڵایەتبوون لە ڕووی زمانەوە دەخرێتەڕوو.


لە گۆشەنیگای زانستی زمانەوە، "بەکۆمەڵایەتیبوون" هەموو ئەو وشەو دەربڕاوانەیە، کە تاک لە خێزانەوە وەریدەگرێت، وەک ئەوان، یان بە کەمێك جیاوازییەوە لە دەربڕیندا دووبارەدەکاتەوە، تا لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا بگونجێت.

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بنەمای دروستبوونی کۆمەڵە، هەربۆیە ناکرێت بە دابڕاوی و بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵ تاوتوێ بکرێت، چونکە چالاکییەکی مرۆییەو تەنها لە ژینگەی مرۆییەوە گەشەدەکات و تاکەکان و کۆمەڵ زمان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بەکاریدەهێنەوە. (زمان یەکێکە لە هۆکارەکانی بەستنەوەی تاک بە کۆمەڵ و بە بنەماو ڕەگەزی سەرەکی دادەنرێت بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە) (السعيد، ٢٠١٤، ٧). مەبەست لە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی ئەوەیە، کە لە ناوەوەی مرۆڤدا غەریزەیەک هەیە بە ناوی پەیوەندیکردنەوە، کە مرۆڤ هاندەدات لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا بژی وکۆمەڵ دروستبکاتو کلتووری تایبەت بەخۆیی هەبێت.

لێرەوەیە کاتێک منداڵ پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی زمان دەستپێدەکات، خۆی بە تەواوی شارەزای پرۆسەکە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندی و کارلێکی لەگەڵ دەوروبەرەوە دەستپێدەکات، پرۆسەیەکە تێیدا منداڵ فێری کارامەیی بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵدا دەبێت. (کۆمەڵایەتیکردنی زمان لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ پەروەردەکاران، هاوتەمەنەکان و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ ڕوودەدات کە مۆدێلو ڕێنمایی بۆ فێربوونی زمان دابین دەکات) (عەبدولغەنی، ٢٠١٩، ١٠٨).

مرۆڤ هەر لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە پێویستی بە تاکەکانی دەوروبەری هەیە، بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن، ئەم پرۆسەیەش هەنگاوبەهەنگاو گەورە دەبێتو بازنەکانی فراوان دەبن، کاتێک منداڵە پێویستی بە خێزانەکەیەتی و پەیوەندی لەگەڵ ئەواندا دەبەستێت و وشەو دەربڕاو لە ئەوەوە وەردەگرێت، دواتر خوشک و براو خێزانی گەورەو هاوتەمەن و هاوڕێ و بەخێوکارو چاودێریکار دێنە ناو بازنەی پەیوەندییەکانیو وردەوردە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون دەستپێدەکات. هێڵکاری بازنەکان پەیوەندی تاکەسیی، بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە، (عەلی،2014،٢٠6).

لە ناو کوردا لە بازنەی یەکەمەوە بەکۆمەڵایەتبوونی زمان دەستپیدەکات، وردە وردە بەپێی بازنەکانی پەیوەندی تاکەکەسی وشەو شێوەی زمانی کوردی جیاواز وەردەگرێت، وردەوردە بەکۆمەڵایەتبوون گەشەدەکات، بۆ نموونە: لە بازنەی یەکەمدا، کە بازنەی تاکە، خودواندن"مەنەلۆگ" دەستپێدەکات، ئەو قسانەی تاک لەگەڵ خۆیدا دەیکات لای کەسی تر نایکات. لە بازنەی خێزان وشەی {دایک، باوکو...هتد} بەکاردەهێنێت، بە کەسی تر ناڵێت باوک/ دایک، جگە لە باوکو دایکی خۆی، لە بازنەی کەسوکاردا ناوەکانی{مام/مامۆ، خاڵ/خاڵۆو، پور/ پورێ، ئامۆزا، خوشکەزا، پورزاو...هتد} دەردەبڕێت، بە پێی تەمەن بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ زیادتر گەشەدەکات.




((هێڵکاری (١)بازنەی پەیوەندییەکانی تاکەس وبەکۆمەڵایەتبوون))

## 2. نیشانەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون لە زماندا.

نیشانە، یان هێماکانی بەکۆمەڵایەتیبوون، لە ئەم توێژینەیەدا مەبەست لە ڕادەی وەرگرتنی زمان و فەرهەنگی (کلتووری) کۆمەڵایەتی کوردییە، کە منداڵ چۆن لەگەڵ زماندا وەریدەگرێت، نیشانەو وەرگرتنی بەهای کۆمەڵایەتی، نیشانەی تەندروستی کۆمەڵایەتیو کارابوونی بەکۆمەڵایەتیبوونی ئاخاوتنی منداڵیش دەگرێتەوە. لێرەوەیە منداڵ لەگەڵ وەرگرتنی زماندا، بەکۆمەڵایتیبوونیشی لە ناو خێزان و بازنەکانی پەیوەندیدا وردەوردە دەستپێدەکاتو بە درێژایی تەمەنی سوود لە کۆمەڵ وەردەگرێت، دیارە ڕادەی بە کۆمەڵایەتیبوونیش لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر بەپێی کۆمەڵێک هۆکار دەگۆڕێت، ئەم بابەتە زیادتر شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکە لە نیشانە پراگماتیکییەکان، زاراوەکە لە زمانی کوردیدا (نیشانە یان نیشانکاری) بۆ بەکارهاتووە، لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Dixies) بۆ بەکاردێت، کە لەناو زماندا چەمکی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەگەێنێت. زانستی پراگماتیک بەوە پێناسەی دەکات کە (لێکۆڵینەوەیە لە چۆنییەتی واتاداربوونی وتەکان لە پێگە ئاخاوتنەکاندا) (خۆشناو، ٢٠١٠، ١٣).

بەشێوەیەکی گشتی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان گرێدانی زمانە بە پلەوپایەو ئاستی ڕۆشنبیری و کلتورو کۆمەڵ و تەمەن و ڕەگەزو باری خزمایەتی و کۆمەڵەوە (نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئەسپێکتانەن کە لە شێوەی پەرچەکردار یان بە شێوەی چەسپاو یان بە هۆی حەقیقەتی کۆمەڵایەتی لە کردەی قسەکردندا دەردەکەون) (عەلی، ٢٠١٤، ٤٧)، ئەم نیشانانەیش لە دەربڕاوەکانی وەک:[دایک، باوک، برا، خوشک، مام، خاڵ، پورو...هتد]، کە سەرەتای فێربوونی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵە و پێوستە بەهاو ناوی ئەم نیشانانە وەک خۆی، یان بە گۆڕانکاریەوە وەربگرێت.

## 1-2. دیدگاکان بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی ئاخاوتنی منداڵ

زمان، ئاخاوتن و نوسین دەگرێتەوە، بۆیە کاتێک باسی منداڵ دەکرێت باسی ئاخاوتنەکانی دەکرێت، گەشەکردنی ئاخاوتن لایەنێکی چارەنووسسازە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیاندا، منداڵان نەک تەنها لەڕێگەی فێرکاری ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تردا لە دەوروبەرەکەیاندا زمان فێردەبن. چەندین دیدگا سەبارەت بە کۆمەڵایەتیکردنی زمانی منداڵان پێشنیارکراون بۆ تێگەیشتن لە ئەوەی کە منداڵان چۆن زمان بەدەستدەهێنن و چۆن لە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکاندان. (عبدالرحمن،٢٠١٨، ٣٢).

1. **دیدگای تیۆری فەرهەنگی (کلتووری):** جەخت لەسەر ڕۆڵی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و چوارچێوەی کلتوری لە فێربوونی زماندا دەکاتەوە، بۆنموونە لە زمانی کوردیدا ناوی جەژنی نەتەوەیی وەک:{ نەورۆز، ناوی جەژنی ئایینی وەک: جەژنی ڕەمەزان و قوربان، ناوی خواردنی کوردەواریوسەری ساڵەکان:ساڵی کوردیی، ساڵی زایینی، ساڵی کۆچی،..هتد}دەگرێتەوە.

بەپێی ئەم تیۆرە، منداڵان لەڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەی شارەزا، وەک دایک، باوک، چاودێران و هاوتەمەنەکانیان کارامەیی زمان بەدەستدەهێنن، ئەم کارلێکە دەرفەت بۆ منداڵ دەڕەخسێنێت کە بەشداری گفتوگۆکان بکەن، ئەم شێوازە هەنگاوێکە بۆ بەشدارییپێکردنی منداڵ لە پرۆسەی گفتوگۆکردندا لە ئەمەشەوە بەکارهێنانی زمان بە وشەو دەستەواژەو ڕستە زمانەوانییەکان و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، دەوڵەمەند دەبێت.

2. **دیدگای تیۆری هزریی (مەعریفی):** ئەم تیۆرە تیشکدەخاتەسەر ئەوەی کە منداڵ چۆن لە ڕێگەی پرۆسەکانی بیرکردنەوەو شت گرێدان بە دەوروبەرەوە زمان دەگەێنێت. تێیدا پێشنیازی ئەوە دەکرێت، کە قۆناغەکانی گەشەکردنی مەعریفی کاریگەریان لەسەر توانای فێربوون و بەکارهێنانی زمان لە منداڵاندا هەیە، توانا مەعریفییەکان لە منداڵاندا بیرەوەری و سەرنجدان و شیکارو چارەسەری کێشەکان دەگرێتەوە.

3. **دیدگای تیۆری لاساییکردنەوە:** ئەم تیۆرە جەخت لەسەر مۆدێلکردنی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ئەرێنی لە داڕشتنی گەشەی زمانی منداڵدا دەکاتەوە. بە پێی ئەم تیۆرە منداڵ بە لاسیکردنەوەی شێوازی قسەکردن و ڕەفتاری ئەوانی دیکە و وەرگرتن و بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی کاریگەر، زمان بەدەستدەهێنێت.

## 3-2. بەکۆمەڵایەتیبوونی ئاخاوتنی منداڵان

چەند نمونەیەک دەربارەی بەکۆمەڵایەتیبوونی زمانی منداڵ لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە وەردەگرین، سەرەتا پرۆسەی بەدەستهێنانی ئاخاوتن لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیکردنەوە بریتییە لە: چاودێریکردن و لاساییکردنەوەو پراکتیزەکردنی شێوازەکانی قسەکردن و وشەسازی لەلایەن کەسانی دیکەوە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیاندا.(Salmi,1991,38) ، چەند نمونەیەک وەردەگرین بۆ زیاتر شیکردنەوە.

**نمونەی یەکەم:** منداڵان لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ دایکوباوک و ئەندامانی خێزان و چاودێر و هاوتەمەنەکانیان فێری شێوازو ڕێسای زمانەوانی زمان دەبن. فێربوونی زمانی منداڵ زۆر لە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتیدایە، بۆ نمونە منداڵان فێری بەکارهێنانی گونجاوی وشەو دەستەواژەو دەربڕینەکان دەبن، بە پشت بەستن بە ئەوەی کە ئاشنادەبن بە بەکارهێنانەکانیان، بەردەوام لە بەرکەوتنەکانی ڕۆژانە لەگەڵ ئەندامانی خێزان و دەوروبەر. ئەم پرۆسەی وەرگرتنی زمانە هەم لاساییکردنەوەو هەم پراکتیزەکردن لە خۆی دەگرێت، بەوپێیەی منداڵ ئەو شێوازو قسەکردن و بەکارهێنانە لاساییدەکەنەوە کە بەرکەوتەی دەبن و لە پەیوەندییەکانییاندا بەکاریدەهێنرێت، هەروەها منداڵان لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیکردنەوە فێری توانستەکانی تۆمارو زاراوەو شێوازە جیاوازەکانی قسەکردن دەبن، کە لەگەڵ چوارچێوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا گونجاون.(Glendas,1947,35)، بۆ نمونە لە ماڵدا، فێری {خواردن، شیرخواردن، شتخواردن، ئاوخواردنەوە،

سەوزەو میوە خواردن و ...هتد، دەبن و وشە زمانیەکانیش لە گەڵیدا وەردەگرێت، بۆ ناوی کرداری خواردن، بۆ ئاو و شەربەت و ...هتد}، کرداری خواردنەوە بەکاردەهێنێت، ئەمانەیش لەگەڵ کردارەکەدا فێری بە کارهێنانی کردارەکان لە شوێنی خۆیدا دەبێت و دواتر لە دەرەوەی ماڵدا دووبارەیدەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، بەکۆمەڵایەتیکردن یارمەتی منداڵان دەدات بۆ پەرەپێدانی هەڵبژاردنی زمانی خۆیان بە پشتبەستن بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و پاشخانی کلتووری و ئامانجە پەیوەندیدارەکان، هەر منداڵێک لە لەدایکبوونەوە وردەوردە فێری زمان و ئاماژەکانی دایک و خێزان و دەوروبەرەکەی دەبێت.

**نموونەی دووەم:** گەشەی زمانی منداڵ بە هۆی کارلێکەکانیان لەگەڵ میدیاو سەرچاوەی تری بینین و بیستن و سەرچاوەکانی تری زانیاری زمانی فێردەبێتو بەکۆمەڵایەتیبوونی زیاتر دەبێت. بە پێی توێژینەوە مەیدانییە کوردییەکان، شاشەکان لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، " لە شاشەکانەوە (لە فیلم کارتۆنەکانەوە)منداڵان فەرهەنگیان بە شێوەیەک دەوڵەمەند دەبێت، تەنانەت ئەو وشانەی پێشتر لە ناو خێزاندا بەکارنەهاتوون و نوێن لە تەلەفزیۆنەوە فێریان دەبێت و دەیاندرکێنێت" (عەبدوڵاو محەمەد، 2022،50). زۆربەی منداڵانی وەرگیراوی توێژینەوە مەیدانییەکە منداڵان لە (42٪) تەماشای ئەفلام کارتۆنەکان لە ڕێگەی شاشەکانەوە دەکەن، پلەی دووەمی شاشەکان (موبایل)ە، کە ڕێژەکەی (36.84٪)ە، پاشان (ئایپادە) (10.52٪)ە، ...وهتد، بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە: (عەبدوڵاو محەمەد، 2022،50 - 57)، کە تێیدا باسی بەکارهێنانی شاشەکان بۆ ئەفلام کارتۆن و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی شاشەکان دەکات، لێرەوە منداڵ بەشێک لە دەربڕاوەکانی وەردەگرێتو کاریگەریشی لەسەر ڕەفتاری هەیە.

لە بەدواداچوونێکی مەیدانی توێژەرانی ئەم توێژینەوەدا، لە یەکێک لە شارەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، منداڵێک لە ڕەگەزی نێر بوو، لە لایەن دایک و باوکییەوە سەرجەم کەرەستەو پێداویستی و ئامێری زیرەکی بۆ دابینکرابوو، بە دەگمەن/ زۆر بەکەمی تێکەڵی دەوروبەرو هاوتەمەنەکانی دەبوو، کاتەکانی زیاتر بە یارییەئەلیکترۆنییەکان و سەیرکردنی شاشەکان بەسەردەبرد، دایکوباوکی بەشێوەیەکی ڕوون لە دەربڕین و ئاخاوتنەکانی تێنەدەگەیشتن، بۆ نمونە لە تەمەنی سێ بۆ چوارساڵیدا، داوای مۆزی بکردایە، بە [بەنەنە] ناوی میوەکەی دەبردو داوایدەکرد. هۆکاری ئەم بارودۆخەش پەیوەستە بە کاریگەری کەم دواندن بە زمانی دایک و تێکەڵاونەبوونی منداڵ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، کە دواتر گرفتی زمانی و دەروونی و نەگونجانی لە ناو کۆمەڵدا لێدەکەوێتەوە، ئەم نمونەیەی منداڵی کورد، ئەوە دەردەخات گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، ڕۆڵی لە گەشەی زمانی منداڵ و بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵدا هەیە، ئەو وشەو دەستەواژانەی لە ڕێگەی یارییەئەلیکترۆنییەکان و میدیاکانەوە فێری دەبێت زۆرجار لەگەڵ فەرهەنگی زمانەکەیدا یەکناگرێتەوەو لێکتێنەگەیشتن دەهێنێتە ئاراوە.

**نموونەی سێیەم:** بەدەستهێنانی کارامەیی زمانی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی فەرهەنگو تێگەیشتن لە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکانو توانستەکانی لێکدانەوەی بابەتەکانی وەکو پەندی پێشینان و ئیدیۆم و نوکتەو...هتد. منداڵان بە بەشداریکردن لەگەڵ کەسانی دیکەو بەشداریکردن لە کارلێکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، کارامەیی پێویست بەدەستدەهێنن بۆ پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر لە شوێنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا.(Mohan,1994,33).

کۆمەڵایەتیبوون کاریگەری لەسەر چۆنییەتی قسەکردنی منداڵان هەیە، لەوانەش دیالێکت و زاراوەو وشەسازیی، بۆنمونە منداڵان دەتوانن شێوازی زمانیی جیاواز لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ خێزان و هاوتەمەن یان مامۆستاکانیان بەکاربهێنن، (جگە لە ئەوەی کە کۆمەڵایەتیکردن ڕۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی کارامەیی پراگماتیکدا دەگێڕێت) وەک تێگەیشتن لە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان، نۆرە وەرگرتن لە گفتوگۆکانداو کارامەیی پێویست، بەدەستدەهێنن بۆ پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر لە شوێنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

## 4-2. نمونەی کارەکی بەکۆمەڵایەتیبوون لە ئاخاوتنی منداڵدا

بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ، وەک باسکراوە، فرەلایەنە، ئەو فرەلایەنییەش لە ناو زمان وەرگرتندا ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە، لێرەوە لە ڕێگەی دەربڕاوەکانەوە بە پێی گۆشەنیگاکان، لە وەرگرتنی زماندا شیکردنەوە دەکەین، بۆ چەند بەشێک دابەشیدەکەین:

### یەکەم: وەرگرتنی زمان لە ڕوانگەی ئارەزووەکانی ژیانییەوە (غەریزەوە):

وەک دەڵێن: منداڵ کاتێك قسە نازانێت کەسایەتییەکی هەیە، کە زمانی وەرگرت کەسایەتییەکی تری هەیە، کەواتە ئاخاوتن خۆی لە خۆیدا کەسایەتیش بە مرۆڤ دەبەخشێت، تا چەند کارامەیی ئاخاوتن هەبێت، هێندەیش کەسایەتیت بە هێزتر دەبێت. بە پێی شیکردنەوەکە بێت، وادەبینرێت کە کەسایەتی و زمان پەیوەندی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، بە هێزیی زمان هاوکاتە لەگەڵ جۆرێک لە کەسایەتی بەهێزدا و پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە، ئاخاوتنیش لە منداڵێکەوە/کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

منداڵ بۆ ئەوەی بژی، هەوڵدەدات بگونجێت، مەبەستی وەرگرتنی وشەو ئاماژەکان لە خێزانەوە بۆ ئەوەیە پێی بژیو پێداویستییەکانی پێجێبەجێبکات، لە ئەم کاتەدا پێواژۆی بەکۆمەڵایەتیبوون زۆر لە ئارادا نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی خۆژێنییە، لە ئەم قۆناغەدا مەبەستی سەرەکی زمان وەرگرتن لە لای هەموو منداڵان بۆ مەبەستی جێبەجێکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانە، لە ئەم ڕوانگەیەوە شیکردنەوەکان دەخەینەڕوو:

ناوی کردارو ئەو کردارانەی، لە ئەم چێوەیەدا منداڵ وردەوردە تا تەمەنی چوار ساڵی و بەرەو ژووریش لە خێزانەوە ئەم کردارانە وەردەگرێت، کە بریتین لە: {خواردن:ناخۆم (بۆ خواردن و خواردنەوە بەکاردێنێت)، دەخۆم، خواردنەوە: شیردەخۆم، ناخۆم. ویستن: ئەمەوێت و نامەوێت، نوستن: گریان و ئەخەوم و ناخەوم. چوون: دەچمە دەرەوە و دێمە ژوورەوە، هەڵگرتن و فڕێدان. یاریکردن: یاریدەکەم، یاری ناکەم. کڕین: ئەوەم دەوێت و ئەوەم ناوێت. ڕازیبوون: با/ بەڵێ. قەدەغەکردن: نا/ نەخێر. خۆشتن/ خۆم دەشۆم/ خۆم

ناشۆم. دەستلێدان، ماچکردن، گازلێگرتن، لێسانەوە (مەساسە)، مژین: سینەی دایکو دواتر خواردنی چلورە. خەوتن، هەستان، دانیشن، ڕاکردن، ڕۆشتن، ڕاکشان، گوێگرتن، بۆنکردن، تامکردن، شانەکردن، پاکردنەوە، پیسکردنو....هتد]. لە ئەم تەمەنەدا منداڵ سەرەتا کردارەکانی خواردن و خواردنەوە، کە یەکێکیان بۆ خواردنی ڕەقە و ئەوی تریان بۆ شلەمەنییە شارەزا نییە، بەڵکو خواردن بۆ بابەتی خواردنەوە شلەمەنییەکانی وەک ئاو، شەربەتو ...هتد، بەکاردێنێت و پاشان وردەوردە فێردەبێتو لە یەکتریان جیادەکاتەوە، تەنانەت دەربڕینیان وەک کەسی ئاسایی نییە، هەر منداڵێك بە شێوەیەک گۆڕانێکی کەم لە دەربڕینی وشەکاندا دەکات، چونکە لێرەدا مەبەستی سەرەکی خۆژێنییە نەک ئەوەی زمان بە شێوەی ڕێزمانی فێربێت، دەروونناسان هاوڕای ئەم بۆ چوونەن، بەڵام دەربڕاوەکانیان زۆر بە وردیو واتاو گۆڕانەکانیانەوە - دیارینەکردووە، لە گۆشەنیگای زمانیشەوە بە نمونەوە شیکردنەوەی لەسەر دەکرێت.

ئەو وشە/ ناوی کردارە سەرەتاییانەی کە منداڵ لەسەرەتای زمانۆڕاندا بەکاریدەهێنێت، زۆرجار سادەو تایبەتمەندەو تایبەتە بەخۆی وەک ناوی دایکو ناوەکەی کورتدەکاتەوە، یان بەشێوازی دەنگی "فۆنەتیکی" جیاواز ناوی دەنێتەوە، بۆ نمونە ناوی (دوکان) بێت، وەک، (دیدوکان) گۆیدەکات، مەرج نییە منداڵێک لە خێزانێکی تر وەک ئەم هەمان ناو دووبارە بکاتەوە، بۆیە لە نیشانەی پەیوەندیدارەکان، هەستەکان، ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانو کلتوور، بەشێوەیەکی زۆر سادە فێردەبێت، ئەم وشانە بە زمانی سادەو ڕوون بەرەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کارا دەبن، هەریەک لە ئەمانە کرداری تایبەت بە خۆیان هەیە، کردارەکانیش هەڵگری بکەر/ بەرکارن و لێرەوە بناغەی زمان وەرگرتن دادەڕێژرێت.

دوای سێ ساڵی پرۆسەی گشتاندن بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە، بە برای باوک [مامە] بڵێت، بە توخمی نێرینەی هاوشانی مامی هەر [مامە]، بەکاردەهێنێت، شارەزای نزیکی و بەکۆمەڵایەتیبوون نییە. منداڵ ئێستا کە ئۆتۆمبیل زۆربووە، لە ڕێگەی لۆگۆی ئۆتۆمبیلەوە، گشتاندن بۆ ئۆتۆمبیلەکان دەکات، بۆ نمونە، (نیلا) سێ بۆ چوارساڵە، ئۆتۆمبیلەکەیان توێتایە، هەر لۆگۆیەکی توێتا ببینێت، دەبڵ کابینە بێت، یان لانکرۆزەر، یان کراون....هتد، هەر دەڵێت: بیکاشۆیە، یان کاتێك خۆی بە ئۆتۆمبیلی ماڵەوە بۆ باخچە بچێت، هەر ئۆتۆمبیلێک لە دەرەوە ببینێت، هاوئاڕاستەی ڕۆشتنی بێت، دەڵێت: بۆ باخچەکە دەچێت، بە پێی تەمەنکردنی لە ژیاندا، پاشان جۆرەکانی ئۆتۆمبیلو شوێنە جیاوازەکانی ڕۆشتنی ئوتۆمبیلەکان فێردەبێتو پێواژۆی بەکۆمەڵایەتیبوونەکەی تا زانیاری زمان و وردەکارییەکانی زمان لە شوێنی خۆیدا بەکاربهێنێت، بەکۆمەڵایەتیبوونەکەی زیاتر گەشەدەکات، ئەمە بەگشتی بە وردی قوناغی دوو بۆ سێ ساڵیو تا سێ ساڵ و شەش مانگ بە ئەم شێوەیەیە، لە ڕێگەی زمانەوە بەکۆمەڵایەتبوون گەشەپێدەدات و هێشتا کارامە نییە لە خێرا وتنەوەی دەربڕاوەکانی زمان لە دوای دایکوباوکیەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی هێواشەو کەم کەم گەشە دەکات، لە تەمەنی باخچەی ساوایاندا (3-5)، بە پێی ئەو داتایانەی لە منداڵانی تاقیکردنەوەکەدا شیکردنەوەیان لەسەر کراوە کە بریتین لە: {1.خواردن. 2.خواردنەوە. 3.هاتن.4.ڕۆشتن. 5.خەوتن. 6. هەستان. 7.کەوتن. 8. دانیشتن. 9.پاککردنەوە. 10. پیسکردن. 11. کڕین. 12. قسەکردن. 13. گوێگرتن. 14. شکاندن. 15. دروستکردن. 16. ڕەنگکردن. 17. وێنەکێشان. 18. سڵاوکردن. 19. خواحافیزیکردن.20. هەڵگرتن. 21. شتن. 22. وشککردنەوە.23. داخستن. 24. کردنەوە. 25. کوژاندنەوە. 26. هەڵکردن. 27. خۆگۆڕین. 28. لەپێکردن. 29. خوێندنەوە. 30.گێڕانەوە. 31. سەرکەوتن. 32. دابەزین. 33. ماچکردن. 34. باوەشکردن . 35. گازگرتن. 36 .هەڵگرتن. 37. فڕێدان. 38. ڕاکێشان. 39. بەردان. 40. سوڕان. 41. خۆبادان. 42. لێخوڕین. 43. پێچکردنەوە. 44. خۆپاکردنەوە. 45. ڕژاندن.46. دەستبەرزکردنەوە. 47. هەڵەدانان. 48. ڕاستدانان. 49. نووسین. 50. کێشاندن/وێنەکێشان. 51. بەشدان. 52. بەشوەرگرتنو ...هتد}.

## دووەم: بەکۆمەڵایەتیبوونی خێزانیی بۆ ئاخاوتنی منداڵ:

ئەم قۆناغە بە کات و ساتی تەواو (کاتژمێر، ڕۆژ، هەفتە، مانگ و ... ساڵ)ئاسان دیاریناکرێت، بەڵام دوای ئەوەی لە قۆناغی پێداویستییەکان و ئارەزووەکانی تەواوبوو و دابینیکرد، ئەو ساتە منداڵ بناغەیەکی گشتیشی لە ڕووی زمانەوە وەرگرتووە - داڕشتووە، پاشان لە ڕێگەی خێزانەوە هەوڵ لەگەڵ منداڵدا دەدرێت، تاوەکو لایەنە گشتییەکانی ژیان و زمانی وردتر بکرێتەوەو لە بازنەی کەسوکاردا وشەو ئەزموونی زیادتر فێردەبێت، بۆ نمونە بە هەموو کوڕێکی/کچێک/کەسێکی دراوسێیان، نەڵێت: خوشک یان برامە، بە هەموو پیاوێک و کوڕێکی پێگەیشتوو نەڵێت: بە خاڵەو مامە بانگی نەکات، بەڵکو {کاکە/ دادە} بەکاربهێنێت، یان لە ڕووی کەسایەتی و پلەی خزمایەتییەوە جیایانبکاتەوە. واتە هەوڵ لەگەڵ منداڵدا دەدرێت، بە برای باوک و دایک {مام، خاڵ} بڵێت، بە خوشکی دایکوباوک {پور/ دادە}، بڵێت. ئەوەی جێگەی ڕامانە، ئێستا لە زمانی کوردیدا، ناوی کەسوکاریش ؛ لە لایەن منداڵەوە وەک پێشوو بە توخی {پور} بەکارنایەت و لە هەندێك باردا {دادە} بەکاردێت، ئەمەیش جۆرێکە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کوردی کە دەبینرێت.

وێڕای ئەوە، ناوی کەسوکاری تریش وەک {خاڵۆژن، ئامۆژن ...هتد} لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێتو فێردەکرێت کە منداڵ لە شوێنی خۆیدا بەکاریبهێنێتو بازنەی بەکارهێنانی زمان و وشەی کەم کەم فراوانتر دەکرێت، تا وایلێدەکرێت خۆی کاری پێداویستی ڕۆژانەی بکات، لێرەیشەوە جۆرێك لە کەسایەتی کۆمەڵایەتیو بەکۆمەڵایەتیبوون بەدەستدەهێنێت.

منداڵان لە ئەم تەمەنەدا بە خێزان و کەسوکارەوە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی و چاوپێکەوتنەوە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەمتر/ زیادتر لە (60) ناوی کەسوکارو خزمایەتی دەزانن بە پێی گەورەیی و بچووکیی خێزانی ژمارەکە دەگۆڕێت لەسەری دایک، یان باوکەوە، لە تەمەنی (2-5)ساڵیدا لە ناو سەنتەری پارێزگاکاندا، هاوڕێکانیشیان لە کۆمەڵی کوردیدا، لە (1- 10) زیادترە، ناوی هاوڕێیانیان لە لایەن منداڵانەوە، لە کۆڵان و خزم وکەسوکاریان – دەزانن. کاتێك لە باخچەی منداڵان بن، لە باخچەشەوە هاوڕێو هاوتەمەنو

هاوپۆلیان بۆ دروستدەبێت، ناوەکانیش جیاوازە لە کۆڵان، چونکە ناوەکان وەک ئەوە دەیڵێن، کە دادە/ مامۆستاکان دەیڵێن: بۆ نموونە ناوی دوانی دەڵێن: لە باخچەدا وەک: { وەرزان کەمال} لە لایەن منداڵانەوە ناودەبرێن. کەواتە ناوی کەس و هاورێش جۆرێک لە بەکۆمەڵایەتیبوون بە منداڵەکە دەبەخشێتەوە، بە پێی تەمەنکردن ئەم ناوانە زۆر و زۆرتر دەبن، ئەم ناوانەش وەک مشتێک نمونەی خەروارێکن: [1. ناوی دایکوباوکو خێزانی خۆی.2. کەسی باوک و کەسی دایک {مام و خاڵ، پور، داپیرە: دایەخان، نەنە و باپیرە، ناوی هاورێ، ناوی پارە، بەرنامەی تەلەفزیۆن، کۆنترۆڵ، ئایپاد. 3. ناوی ئەفلام کارتۆنو یاری ئەلیکترۆنی(ئێکسبۆکس، پلەیستەیشنو...هتد). 4. ناوی یاریکردنی جەستەیی. 5. ئەلفوبێ لە باخچەکان. 6. گۆرانی. 7. هاورێ گەرەکو شوقەکان. 8. گەیاندن وێنەو هێماکان بەیەکتری. 9. رەنگدرن...هتد}. لێرەوە بە ئەو ئەنجامەدەگەین، بەکۆمەڵایەتیبوون کە قۆناغێکی ناوەندییە، لە نێوان کۆرپەیی و منداڵیدا، بناغەی بەکۆمەڵایەتیبوونی کۆمەڵەکە وەردەگرێت، منداڵ لە کوردستان بێت، بە وشەو بیرکردنەوەی کوردی گۆشی بەکۆمەڵایەتی دەکرێت، لە ئەوروپاو ئەفریقایش بێت، بە وشەو بیرکردنەوەی ئەوروپایی و ئەفریقایی، بەکۆمەڵایەتی دەبێت، بناغەی بە کۆمەڵایەتبوونی منداڵ لە ڕوانگەی زمانەوە، ئەم قۆناغەیە، کە یادگەی کارا دەبێت و یادەوەرییش تۆماردەکات و هاورێی منداڵیش لە ئەم قۆناغەوە دەستپێدەکات، تا کۆتاییەکانی ژیان لە یادگەدا تۆماردەبێت و کەسایەتی منداڵیش لە ئەم کاتەوە دەست بەدروستبوون دەکات.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، وەرگرتنی زمانی جەستەیی، لە کەرەستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەژمار دەکرێت، کە نمونەکان بۆ خوێنەر بە جێدەهێڵین، لە بەر سنوری توێژینەوەکە.

## سێیەم: بەکۆمەڵایەتیبوونی ئاخاوتنی منداڵ لە سایەی پەروەردەی خێزان و کۆمەڵدا

زاراوەی پەروەردە، مەبەست لە بازنەی تاک، خێزان، کەسوکارە، کە لە ئەو چوارچێوەیەدا منداڵ وردەوردە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرێت و ئاخاوتن و باوە کۆمەڵایەتییەکان لە چواردەورەوە وەردەگرێت، لە ناو کورددا ئاینیش ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری لە پەروەردەدا هەیە، بەڵام لەبەر سنوری لێکۆڵینەوەکە باسناکرێت. مەبەست لە پەروەردە "بریتییە لە هەر جوڵەیەکی مەبەستدار، یان بێمەبەست، کە کۆمەڵگە دیاردیدەکات، لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری، پێگەیاندنو گەشەسەندنی نەوەیەکی نوێ، لەسەر بنەمای زانست و هۆشیاری، هەتا ئەرکی سەرشانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا جێبەجێبکەن" (حەمەڕەش، 2025، 16) ئەویش لە (تەنتاوی، 1444، 15)وەریگرتووە. لێرەدا باسی جوڵە دەکات، زۆربەی کات بۆ هەر جوڵەیەکیش دەکرێت ناوێك بەرانبەری لە زماندا هەبێت، لە ئەم گۆشەیەوە زمان و کرداری مرۆڤ و پەروەردە پەیوەست بەیەکەوە دەبن، یان لە سادەترین پێناسەی پەروەردەدا دەتوانرێت بگوترێت: پەروەردە بریتییە لە: کردارو گوفتار لە شوێنو کاتی خۆیدا. واتە چۆن وا لە منداڵ بکرێت بەکۆمەڵایەتی بێت، لە لەدایکبوونەوە پەروەردە دەستپێدەکات، لە خواردنی شیرەوە تا فێربوونی نانخواردن و چۆنیەتی ئاخاوتن و ...هتد، پەروەردە دەیگرێتەوە، وەک دەڵێت: منداڵ شیر دەخوات، ئەگەر نانی پێبدەیت لە کاتی شیرەخۆریدا دەخنکێت، پەروەردەیش وردەوردە لە دایک باوک و هاورێ و کەسوکارو دایەنگەو باخچە تا زانکۆ و...هتد، بە دێژایی تەمەن پێواژۆیەکی بەردەوامەو وەردەگیرێت، لە ڕوانگەی پەروەردەوە لە کاتی خەوتن و هەستان و دانیشتن لەسەر سفرەو چونیەتی مامەڵە لەگەڵ خێزان و کەسوکارو هاوپیشە و تا کۆمەڵ بەگشتی دەیگرێتەوە، لە تەمەنی دوو ساڵییەوە، لەگەڵ خێزان و دایەنگەو دادەی دایەنگەو باخچەو مامۆستای باخچە منداڵ پێویستی بە پەروەردەیە لە ڕووی کردارو گوفتارەوە.

لە ڕوانگەی هەست وسۆزو پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی، پەروەردەی دەوێت وەک:{1.دەستگرتن.2. باوەشکردن. 3. ماچکردن.4. سڵاوکردن. 5. خوشویستن. 6. ترساندن. 7. بەرزکردنەوە ٨.پیاهەڵدان ٩. ستایش و هاندان..هتد}، هاوکات پەیوەندییەکانی دیاریدەکرێت، کە لەگەڵ کەسوکاردا ئەم کارانە بکات و لەگەڵ کەسی نەناسراودا خۆپارێزبێت. داواکاری بۆ دیاریدەکرێت لە کێ، چۆن وەربیگرێت، برسیبوون و خۆراک لە کوێ داوای بکات و بیخوات، ماچ بە کێبدات‌و لە کێش دووربکەوێتەوە، هەم منداڵ و هەم دایک و باوک بە چاولێکەری و لاساییکردنەوە و فێربوون لە ڕێگەی خێزانەوە، منداڵ پەروەردە دەبێت، کە چۆن بە خێرهاتنی میوان بکات و چۆن تەوقە بکات. کەواتە وشەو واتا زمانییەکانو سنوری واتاییان، لایەنی دەروونی، پەروەردەیی تێدایە، کە ئەمانەیش لە بەکۆمەڵایەتبووندا ڕەنگدەداتەوە. واتە پەروەردەکردن بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونە، لە ڕێگەی هێما کۆمەڵایەتیەکانەوە، وەک لە چی بترسێت و خۆپارێزبێت و دوور بێت، لە چیتر نزیکبێتەوە، چۆن لە دەرەوە و کۆڵان و ڕێگاوباندا هاتوچۆبکات، لە ئەم بوارانەدا لایەنی پەروەردەی بەهێزتر دەکرێت.

پەروەردەکردن بۆ بەکۆمەڵایەتیبوون لە ڕوانگەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتییەوە (عەیبەکردن): بۆ ئەو هەلومەرج و هەڵسوکەوتانەی کە لە کلتووردا ڕێگە پێدراو نین، بە پێی ئەو دەوروبەرەی منداڵەکە تیایدا ژیاوە، وەک:{1. لەبەرکردن. 2 .دانیشتن. 3. قسەگوتن. 4. سوکایەتکردکردن. 5. تفکردن. 6 . داواکردن. 7. جنێودان. 8. چوونە ژووری دایکوباوک. 9. چوونە ماڵی دراوسێو...هتد].هەموو ئەمانە لە بواری پەروەردەی خێزانی و دایەنگەو باخچەی منداڵانداو خۆشی لە نێو ئەمانەو ژیاندا فێردەبێت، هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی کردارو گوفتارەوە فێردەکرێت. کۆی گشتی ئەو وشانەی کە لە تەمەنی دوو ساڵی تا چوار بۆ سەرەتای پێنج ساڵی وەردەگرێت، بە ناو و کردارەوە لە پێنجسەد (500) وشەو دەربڕاو زیادترە، بۆنمونە:{ ڕەنگەکان (سپی، ڕەش، سوور، پەمەیی، سەوز، شین....هتد)، ئەندامانی خێزان (دایە، بابە، دادە، کاکە....هتد)، ژمارەکان(یەک، دوو....هتد)، پیتەکان(أ،ب....هتد) هەندێک لە ئەندامەکانی جەستە(دەست، قاچ، چاو....هتد)، هەستەکان(تامکردن،بۆنکردن، دەستلێدان، بینین، بیستن...)، ناوی کەلوپەلەکان(دەرگا، پەنجەرە، پێنووس، ....هتد) شێوەکان(سێگۆشە، چوارگۆشە..هتد)، هۆکارەکانی گواستنەوە(ئوتۆمبیل، فرۆکە...هتد)، گینلەبەرەکان(سەگ، پشیلە...هتد)، خواردن و میوەکان( نان،ئاو، سێو....هتد)، ئاوەڵناوەکان(گەورە، بچوک، درێژ،کورت، جوان، ناشرین، ...هتد)،

وەرزەکان(زستان،پایز...هتد)، کاتەکان (بەیانی،نیوەڕۆ، ئێوارە، عەسر، شەو...هتد}. واتە ئەم وشانە وەک شاوشەن و دواتر مەودای واتاییان فراوان دەکات، بۆ نموونە کردارێکی وەک {هەڵگرتن} فێردەبێت ، پاش گەورەبوون ڕستەی دووەمی لێدروستدەکات، کە هەمانکردارە، بەڵام واتاکەی فراوانکردووە، وەک لە ڕستەی دووەمدا  لە شێوەزاری سلێمانیدا هاتووە.

1. دایە، دەستم شتووە. (واتای یەکەمی شتن، سەرەتای تەمەن).
2. دایە، میوەکانم  شتووەتەو ە. (دوای ئەزموون و کارکردن و زیاتربوونی تەمەن، واتاییەکی { شتنەوە}، کە لە فۆڕمی {شتن}وەرگیراوە.

بە پێی لایەنی کارەکردنی بەکۆمەڵایەتیبوون، لەسەر چەندین منداڵ و وردبوونەوە لە ژیانیان لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، منداڵ لە پۆلی ناوی کرداردا، بەشێکی زۆر لە بناغەی بەکۆمەڵایەتیبوونی زمانی کوردی وەردەگرێت و وردەوردە بە پێی تەمەن واتای دووەم و سێیەم بە ئەم کردارانە دەداتەوە و ناوی کرداری تریش فێر دەبێت، دەتوانرێت لە دایەنگەوە تا باخچەی ساوایان ناوی ئەم کردارانە کە زیاترن لە شەست وپێنج (65) ناوی کردار، وەک پێوانەیەک بەکاربێت، بۆ ئەوەی لایەنی زانستی باخچەو لایەنی زمانی و دەروونی منداڵی پێهەڵبسەنگێنرێت، دیارە پۆلی تری ناوی کردار هەیە، کە ڕۆڵ دەبینین لە کەسێتی منداڵ و زمانی منداڵدا.

## ئەنجامەکان:

١. بەکۆمەڵایەتیبوون شاوشەیەکە، کە هەریەک لە: ئارەزووەکان (غەریزەکان)، بازنەکانی پەیوەندی تاکەسی، دەروون درووستی، پەروەردە لە خۆدەگرێت.

٢. بەکۆمەڵایەتیبوون، لە کۆرپەییەوە دەستپیدەکات لە تەمەنی دوو ساڵییەوە منداڵ بەکارەکی دەکرێت، لە تەمەنی سێ ساڵیدا لە یادگەدا تۆماردەکرێت، لە ڕوانگەی زمانەوە لە ناو و ناوی کردارەکانەوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون گەشە دەکات، لە سەرەتایەوە بەکۆمەڵایەتیبوونی کۆرپەو منداڵ - بۆ ئەوەیە تەنیا بژی،  تاکۆتایی تەمەن بۆ خۆگونجانی زیادتر بەکۆمەڵایەتبیوون بەردەوامەو ناوەستێت.

٣. بەکۆمەڵایەتیکردنی ئاخاوتنی منداڵ، لە داواکردن و ڕەتکردنەوەی پێداویستییەکانەوە دەستپێدەکات، پاشان وردەوردە بڕی داواکردنو ڕەتکردنی بە پێی تەمەنی دەگۆڕێتو زیادو کەم دەکات، بۆ ئەمەیش سوود لە زمان وەردەگرێت، تا بەکۆمەڵایەتیبوونی خۆی بپارێزێت، لە ناو زماندا لایەنی پەروەردەیی‌و دەروونی، منداڵ وەردەگرێت.

٤. منداڵ فێری وشە، دەربڕین، ئاخاوتن، لێکدانەوەو بەکارهێنانی زمان دەبێت لە چوارچێوەی تایبەتدا، وەک لە کاتی بەسەربردنی کات لەگەڵ خێزان، گێڕانەوەی چیرۆک، بەشداری ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکانو تەماشای شاشەکانداو... هتد.

٥. بەگشتی کۆی ئەو ناوی کردارنەی کە منداڵ تاوەکو (دوو بۆ چوار) ساڵی فێریان دەبێت، نزیکەی شەستوپێنج (٦٥) وشەیە (ناوی کرداره)، ناوەکانیش بە شێوەیەکی گشتی لە پێنجسەد (500) ناو زیادترە.

٦. بەمۆدیلکردن، کارلێکردن، لاساییکردنەوە و ستایشکردن و بەرکەوتنی زمانی و پەروەردە، کاریگەرترین بنەماکانو ئامرازەکانن بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونی وەرگرتنی ئاخاوتنی منداڵان لە ناو کۆمەڵدا، کە گرنگە بۆ وەرگرتنی زمانی منداڵو بەردەسترە لە ئەو تیۆرییانەی بە گشتی قسەیان لەسەر وەرگرتنی زمانی منداڵ کردووە.

٧. زاراوەی بەکۆمەڵایەتیبوون، لە بواری کۆمەڵناسیدا بەکارهاتووە، زاراوەکە لە گۆشەنیگای زانستی زمانەوە شیکراوەتەوە، بە شێوەیەکە لە بواری کۆمەڵناسیدا واتایی تیۆری باسکراوە، ئەوا لە بواری زانستی زماندا واتا کارەکییەکان لە ئاخاوتنی منداڵدا دەرخراوە.کەواتە لە بواری زماندا، واتایی وشەکان زیادتر شیدەکرێنەوە بۆ تێگەیشتن، ئەمەش یەکێکە لە دەرکەوتەکانی تێکەڵکردنی کۆمەڵناسیی بە بواری زمان، کە لایەنی ئاخاوتن و پەروەردەی منداڵ ڕوونتر دەخاتەڕوو.

## سەرچاوەکان:


1. ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد، و: دانا مەلاحەسەن، (2012) **ئینسکلۆپیدیای کۆمەڵایەتی**، چاپی یەکەم، چاپخانە: دەزگاوچاپی سەردەم، سلێمانی.
2. حەمەڕەش، هێمن حەتەم (2025)، **فەلسەفەی پەروەردە (خوێندنەوەیەک بۆ بەشی زانست لە سەحیحی ئیمامی بوخاریدا)**، چاپی یەکەم، سەنتەری زەهاوی، سلێمانی.
3. عەلی، تالیب حوسێن (2014) **زانستی زمان و زمانی کوردی**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
4. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٥)، **سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ**، سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی دووەم.
5. ئەحمەد، بڕوا ڕەسوڵ (2021) گەنجینەکردنی زانیاری لە فەرهەنگی عەقڵیدا (لە نێوان تیۆری شەبەنگی دەنگەکانو تیوری تەونی سیمانتیکیدا)، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین.
6. تەها، عەدنان عبدولرەحمان  ( ٢٠١٨) ڕەنگ لە شیعری گۆران و نیمایوشیج،  نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
7. عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵلا (٢٠١٩)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
8. عەبدولوەهاب، عەدنان عە بدوڵلا (٢٠١٥) وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
9.
10. حسن، هەژار خداداد (٢٠١٩) تێڕوانینی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی سەبارەت بە خوێندنی بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، زانکۆی گەرمیان، ژمارە (١).
11. حسێن، شیلان عومەر(٢٠٢١)، خوێندنی زمانی دایك و بنیاتنانی کەسێتی،  زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی زمانی کوردی. زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٨).
12. ڕەحیم، کاروان جومعە، هەژار حوسێن والی(٢٠٢٢)،  جووتزمانی وناسنامەی کۆمەڵایەتی  زانکۆی چەرمو.زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٧).
13. ساڵح، میهرەبان حسێن، نزیرە صالح محمد(٢٠٢٤)، دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سنوری قەزای شارەزوور، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٤).
14. عەبدوڵا، ئاریا یاسین و عەبدوڵا، یادگار عەلی (2022)، کاریگەری فلیم – کارتۆن لەسەر گەشەی زمانی منداڵ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (9).

15. عەلی، بەکر عومەر، سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی(٢٠١٤)، زاراوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (١).
16. الحسن، محمد طاهر (1987)، مشكلات تدريس مادة الجغرافية في مرحلة الدراسة المتوسطة من وجهة نظر مدرسيها وحلولهم المقترحة لها، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.
17. السعيد، هلا(٢٠١٤)، اضطرابات التواصل اللغوي، التشخيص و العلاج، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
18. حنورة، مصري (١٩٨٨)، مشكلات الشباب الكويتي بين الماضي والحاضر والمستقبل، مجلة العلوم الاجتماعي، رقم (١٠ ).
19. عيدان، دوقان وعدس، عبد الرحمن وعبد الحق، كايد ( 1996)، البحث العلمي ( مفهومه وأدواته وأساليبه )، ط5، عمان، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.
**20. De Saussure, F. (1916), <u>Course in general linguistics,</u> Paris.**
**21. Durkheim, Emile (1947), <u>The elementary forms of the religious life,</u> Translated by J.W. Swan, Glencoe, USA.**
**22. Graford, G. (1974), Curriculum problems of social studies teacher in quoin master extended years only high schools of Dade.**
**23. Mohan, N. et al. (1994), <u>Differences in social support and loneliness according to developmental stages and gender,</u> Public, p. 33.**
**24. Salmi, J. (1991), <u>The higher education crisis in developing counties: Issues, problems, constraints and reforms,</u> International Review of Education.**
25. ئەحمەد ، نیلا محەمەد، تەمەن سێ بۆ پێنج ساڵی لە دایکبوون (2021) 2025/1/20، سلێمانی.
26. ئەحمەد، لاوە ئیسماعیل، دوو بۆ پێنج ساڵی، 2024/1/23، سلێمانی.
27. عەتا، محەمەد، تەمەن دوو بۆچوار ساڵی، 2024/1/16، سلێمانی.
28. ئەبوبەکر، محەمەد لوقمان، گرفتی ئەستوری پەتی زمانی هەبووە، دوای نەشتەرگەری تا ڕادەیەک چارەسەرکراو، 2025/8/20، سلێمانی.
29. ئەحمەد، مانی فەیسەڵ، تەمەن دووساڵ و یەک مانگ، 2025/10/11، هەڵەبجە.
30. شنیار علی، مامۆستای زمانی کوردی،باخچەی منداڵانی یونایتدساینس، ٢٠٢٤/١٢/٢، سلێمانی.
31. سەردانی کردنی توێژەران بۆ هەردوو خوێندنگەی یونایتد سایس و کۆمەڵگەی ئاسیای ناحکومی.

**Available online at http://aran.garmian.edu.krd**

OPEN ACCESS Aran Journal (Volume-2, issue-1), 2026 Member of Crossref

**Aran Journal** for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-15

# Children's Linguistic Socialization in Kurdish: Nouns and Verbs as Case Studies

**Sakar Abdullah Hasan[1], Bestoon Abubaker Ali[2]**

1- Kindergarten, Basic Education, University of sulymanya, Kurdistan Region – Iraq
2- Kurdish language, Basic Education, University of sulymanya, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-10-16** |
| Accepted | **2026-01-22** |
| Published: | **2026-01-28** |

**Keywords**

**Socialization; language acquisition; gestures, vocabulary learning**

**Corresponding Author**

Sakar.said@univsul.edu.iq
Bestoon.ali@univsul.edu.iq

## Abstract:

After the natural acquisition of language, the child becomes a socially constituted and competent individual. From this perspective, the present study is entitled "Children's Linguistic Socialization in Kurdish: Nouns and Verbs as Case Studies." The focus of this study is on children's socialization in language and personality. Language, beyond serving as a mere tool for communication and information exchange, functions as a fundamental instrument for establishing and maintaining social relationships. This linguistic capacity emerges during the early stages of child development, particularly when children begin to acquire their first words, although the process unfolds in diverse forms and developmental stages.

From this perspective, sociolinguistic inquiry provides a framework for examining these phenomena in depth. The primary research questions guiding this investigation are: Which types of words does the child initially acquire? How are these words internalized? How are they subsequently used? To what extent does the child's vocabulary expand over time? These questions are addressed using a combination of qualitative approaches, including observational and descriptive methods, supplemented in some cases by quantitative statistical techniques, in order to comprehensively examine the process of children's linguistic socialization. The findings highlight several key mechanisms that facilitate socialized language acquisition, including modeling, imitation, repetition, praise, and linguistic reinforcement. Collectively, these mechanisms represent the most effective tools for supporting children's integration into the social and linguistic practices of their community.